# قومار لەسەر کەرکووک ناکرێ

## عەبدوڵلا پەشێو





کەرکووک یەکەم شاری دنیا نییە کە مشتومڕی لەسەر بێ. جیاوازییەکە هەر لەوەدایە، کە کێشەی کەرکووک هیچ بنەمایەکی مێژوویی، جوگرافی، کولتووری، دیمۆگرافی، یاسایی و ئەخلاقیی نییە. ئاریشەکە لە دوو فاکتۆری پەیوەست بە یەکترەوە سەرچاوە دەگرێ:

یەکەم: عەرەبی زۆرینە خاوەنی دەسەلات بووە و میکانیزمەکانی گۆڕینی باری دیمۆگرافیی بەدەستەوە بووە و لە برا کەمینە پێشێلەکەی خۆی بێ منەت بووە.

دووەم: ئێمە خۆمان بە منجەمنج و شەرم و موجامەلە و پیاوەتیکردن دەستمان هەبووە لەوەی کەرکووک لە خانەی یەقینەوە ڕاکێشینە ناو خانەی گومان.

تا شۆرشی ئەیلوول تووشی پەتای دووبەرەکی نەهات هەڵوێستی سەرکردایەتییە مێژووکردەکەی سەبارەت بە سنووری باشووری کوردستان ڕوون و ئاشکرا بوو. سەرۆک مستەفا بارزانی لە دانوستاندا لەگەڵ بەعسییەکانی 1963 دا سنووری جوگرافیی باشووری کوردستانی بەم شێوەیە دەستنیشان کرد: ( لە باکوورەوە تورکیا، لە ڕۆژهەڵاتەوە ئێران، لە ڕۆژئاواوە سووریا، ***لە باشوورەوە کێوی حەمرین***.)# کە تێیدا هەموو فاکتۆرە مێژوویی و جوگرافییەکان ڕەچاو کراون، بۆ ئەوەی کورد لەگەڵ مەرکەزی دەسەلاتدا بکەوێتە سەودا و مامەڵە لەسەر ئەم شار و ئەو شار، ئەم گرد و ئەو گرد.

لەگەڵ خورت بوونی دەوری ئەفەندییە "پێشکەوتنخوازەکان" لەناو شۆرشی ئەیلوولدا، ئەو هەڵوێستە ستراتیژگرەی سەرۆک بارزانی بەرەبەرە جێی پێ لەق دەبوو.

ڕێککەوتنی ئازار لەم ڕووەوە بووە پێشینەیەکی پشتشکێن بۆ مەسەلەی کەرکووک. تا 11 ئازاری سالی 1970، تەنانەت لەلایەن عەرەبەکانیشەوە، کەرکوک لە خانەی گوماندا نەبوو.

لە سەردەمی عوسمانییەکاندا کەرکووک پایتەختی ویلایەتی شارەزوور بوو. بەگوێرەی فەرهەنگی ئەعلامی عوسمانییان سێ لەسەر چواری شارەکە کورد بوون. تەنانەت ئێستاش، پاش ئەو هەموو عەرەباندنەش، ئینسکلۆپیدیای بەناوبانگی (بریتانیکا)ی ئینگلیزی، چاپی سالی 2001 دەربارەی ماددەی (KIRKUK)، بێ پەناو پێچ دەڵێ: "کەرکووک دەکەوێتە ***کوردستانی*** عیراقەوە". دەبێ ئەوەش بزانین کە ئیسکلۆپیدیای ناوبراو یەکێکە لە بابەتیانەترین و زانستیترین سەرچاوەی زانیاری.

هەڵگرتنی کێشەی کەرکووک بۆ چوار ساڵی ئایندە (1970_-1974) و قایلبوون بە بڕاندنەوەی کێشەی کەرکووک لەڕێگەی سەرژمێرییەوە بووە بیناخەی دڵەڕاوکێ و شلکردنی ئیرادەی خەڵکی کوردستان، لە هەمان کاتیشا ئومێدێکی خستە دڵی داگیرکەران و زاتی وەبەر نان کە بە گۆڕینی باری دێمۆگرافی دەست بە جێبەجێکردنی پرۆژەی قووتدانی ئەو شارە بکەن.

ڕازیبوون بە پرینسیپی سەرژمێری، یا ڕاپرسی، مانای ***گومانکردنە*** لە شتێک. لەدەرگەدانی قومارخانەیەکە کە ئیحتیمالی بردنەوە و دۆڕاندنی تێدایە. کە تۆ دەستت بە قومار کرد، دەبێ بە هەموو یاسا و ڕێساکانیشی قایل بیت.

ئەگەر 34 ساڵ پێش ئێستا، لە بارودۆخێکی ناوەکی و دەرەکیی زۆر جیاوازدا، سەرکردایەتیی کوردستان، لەگەڵ هەموو دڵسۆزییەکیشی بۆ مەسەلەی کەرکووک، بە ناچاری ملی دابێ بۆ سەلماندنی سەرژمێری و دواتریش هەر بەهۆی کەرکووکەوە تووشی کارەساتی 1975 بووبێ ، بۆچی دەبێ ئەمڕۆ، لە هەلومەرجێکی تەواو جیاوازدا، کەرکووک، کە تەوەرەی مەسەلەی سەرەکیی کوردستانە، ببێتە کارتی قومارێک کە ئەنجامەکەی دیار نییە؟

موزایەدەکردن لەسەر سەرکردایەتی سەبارەت بە کەرکووک بێویژدانییە. کەس ناتوانێ ئیددیعای ئەوە بکا کە کەرکووکی لە کەسانی دی خۆشتر دەوێ. لێرەدا مەسەلەکە پەیوەندیی بە تاکتیک و شێوەی دانوستانەوە هەیە نەک ئامانج و نیازپاکی.

www.kurdistannet.org

دەبێ گەلی کوردستان، بەتایبەتیش سەرکردەکانی، دانوستان لەگەڵ کەرکووک بکەن وەک یەقین، یەقینی ڕەها. هەر خۆگنخاندن و منجەمنج و موجامەلە و شلکردنێک کارەساتێکی گەورەی بۆ نەوەی ئەمڕۆ و نەوەکانی داهاتووی کوردستان و عیراق لێ دەکەوێتەوە. قومار لەسەر کەرکووک قومارە لەسەر دواڕۆژی هەموو کوردستان. ***لەم قومارە خەتەرناکەدا، ئەگەر نیسبەتی ئیحتیمالی دۆڕاندن یەک لەسەر سەتیش بێ، هەر کارێکی ترسناکە.*** سەودا لەسەر هەموو شتێک دەکرێ خاک نەبێ. نەرمینواندن لە ئانوساتێکی وەک ئێستادا، کە قۆناخی یەکلاکردنەوەیە، زەبرێکی گورجکبڕ لە ورەی گەلی کوردستان دەسرەوێنێ. گوتاری دووڕووانەی هەندێ سەرکردەی کورد پاش ئازادیی عیراق، شەڕەپەڕۆ و حزبحزبانێ، خەمساردیی مێدیای حیزبەکان، بەتایبەتی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن، چاوپۆشین لە هەڵوێستی دوژمنکارانەی جاسووسەکانی دەوڵەتی تورک، پشی پشی کردن بۆ عەشایری داگیرکەری عەرەب و هێورکردنەوەیان، گۆڕینی دۆزی ئاوارەکان لە مەسەلەیەکی سیاسییەوە بۆ مەسەلەیەکی قانوونیی درێژخایەن، ئەمانە هەموویان و زۆر هۆی تریش کاریگەرییەکی تۆخیان هەبوو لەسەر باری دەروونیی خەڵکی کوردستان بەگشتی و کوردی کەرکووک بەتایبەتی.

سەرکردەی حیزبێکی کوردی لە وەڵامی پرسیارێکی ڕۆژنامەی (ئەلسەباح) ی عیراقی ( ڕۆژی 10.1.2004 ) دەڵێ:

(دەکرێ کەرکووک لە لایەن کورد و تورکومان و عەرەب و کلۆئاشوورییەکانەوە حوکم بکرێ.ئەگەر ویستیان بێنە ناو هەرێمی کوردستانەوە " ئەهلەن وەسەهلەن "، ئەگەر شتێکی تریان هەڵبژارد ئەوا مافی خۆیانە).

ئەندامی سەرکردایەتیی حیزبێکی سەرەکیی کوردستان و سەرنووسەری ڕۆژنامەیەکی گەورە، لە موداخەلەیەکی بەرنامەی ( ئەکتەر مین ڕەئی ) ی کەناڵی (ئەلجەزیرە)دا ، ڕۆژی 23.1.2004 بەرامبەر چەند بەعسییەک دەمی بە ئامان و زەمانی خوا لێک نەدەبۆوە. بە یەک وشە لەسەر خەڵکی کوردستان و کەرکووکی نەکردەوە. بە هیچ شێوەیەک بەلای کوردستانییەتی کەرکووکی "دڵی کوردستان"دا نەچوو!!! ئەو لەبلەبانەی کوردستان، بە قودرەتی خوا، لە بەغدا عەرەبیشی لە بیر چۆوە! ڕەنگە باشترین قسەی هەر ئەوە بێ کاتێ گوتی:

www.kurdistannet.org

( به نیسبەت کەرکووک، شارێکی تورکومانییە و شارێکی ئاشوورییە و شارێکی کوردییە و لە هەمان کاتا شارێکی عەرەبییە.... دانیشتوانی بڕیار دەدەن، ئێمەش ڕێز لە ویستی خەڵکی کەرکووک دەگرین). هەڵبەتە زەحمەتە پیاو لە عەرەبییەکەی ئەو عەرەبیزانە بگا، بەڵام لەگەل ئەوەشدا ، لە مەبەستەکەی دەگەین کە گوێ دەدەینە قسەکانی پاشتری : ( مەسەلەی کەرکووک زۆر کۆنە... هی ئەمڕۆ نییە و حەلیش نابێ...*حەل نابێ بەئاسانی* بۆ زانیاریتان. *ئێمە پێ داناگرین بیکەین بە کێشە*... چوونکە دەزانیت...دوور نییە عیراق پێیەوە بسووتێ ...ڕەنگە ئێمەش پێیەوە بسووتێین.....)

دۆستێکم، کە نوێنەرێکی سەربەخۆیە لە ئەنجومەنی حوکمدا، تا لە ئەورووپا بوو حیزبەکانی گۆڕەپانی کوردستانی بە سازشکار دادەنا، لە چاوپێکاوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی ( ئەلشەرق ئەلئەوسەت) ی ڕۆژی 18.2.2004 ڕەپ و ڕاست دەڵێ:

(کورد حاڵی حازر *نایەوێ* کەرکووک بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان). وەک بڵێی کەرکووک خۆی لە کوردستان نەبێ و پێویستی بەوە بێ بە لۆری و قەللابان بخرێتە سەر کوردستان!

دەسا بە بیللا، بە تیللا، ئەگەر من عەرەب بم و لە موفاوەزاتدا بم لەگەڵ ئەو نوێنەرە دەستواڵا و بەخشندانە نەک کەرکووک، سڵق و پیازیشیان نادەمێ!

جا وەرە کوردێک گوێی لەو منگەمنگە بێ ورە بەر نەدا و مەسەلەکە بە دۆڕاو دانەنێ!

بنێشتە خۆشەی سەر زاران بالۆرەی (شاری برایەتی)یە کە بۆنی دوژمنایەتیی ڕاستەقینەی لێ دێ. گەرنا، خۆ هەر کەرکووک شاری برایەتی نییە. کە شاری برایەتیشە خۆ بە تەشقی ئاسمانەوە هەڵنەواسراوە! ئەمیش وەک هەر شارێکی دنیا لەسەر خاکێکە، لە وڵاتێکە، وڵاتەکەش ناوێکی مێژوویی و جوگرافیی هەیە کە کوردستانە.

بەڕاست چما شاری فرەنەتەوە لە دنیادا هێندە کەمن؟ کوا، چما شاری خاوێن لە دنیادا ماوە؟ ئەدی بەغدا و مووسڵ و مۆسکۆ و لەندەن و ئەمستردام و سەتان شاری تری دنیاش شاری برایەتی نین؟ بەڵام خۆ لە هەرێم و وڵاتێکیشن.

تورک و عارەب قایل دەبن سەرژمێری و ڕیفێراندوم لە ئەستەنبووڵ و بەغدا بکەن، کە ڕێژەیەکی گەورەیان کوردە؟ ئیستۆنیا قایل دەبێ سەرژمێری لە شاری (نارڤە) بکا کە دەوری 90 لە سەدانی ڕووسن نەک ئیستۆنی؟ لاتڤیا ئامادەیە لەگەڵ ڕووسیا قومار لەسەر

چارەنووسی پایتەختەکەی خۆی (ڕیگا) بکا، کە نیوەی پتری دانیشتوانی ڕووس و ڕووسیزمانن؟!

ئەگەر بە سەرژمێری بایە و فاکتۆری مێژوویی و جیگرافی و ئەخلاقی و یاسایی ڕەچاو نەکرابا، ڕەنگ بوو لە گەلێک پایتەخت و شاری کۆمارەکانی سۆڤیەتی جاراندا، هەر لە ئەنجامی سەرژمێریدا، ڕووسەکان لە خەڵکی ڕەسەن ببەنەوە.

لە سەرەتاوە، نەدەبوایە حیزبەکان مەسەلەی باشووری کوردستان وەک ئەم شار و ئەو شار ڕەپێش بکەن، بەڵکوو وەک مەسەلەی ویلایەتی موسڵ و لە سەر بناخەی ئەو هەموو ئەدەبییات و دۆکومێنتانەی لەبەر دەستدان، کە پەوەندییان بە سەردەمی عوسمانی و دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقەوە هەیە. زنجیرەچیای حەمرین هەمیشە سنوورێکی سروشتی بووە بۆ لێککردنەوەی عیراق و ولاتی کوردان.

تەعریبی کوردستان لە سەردەمی بەعسییەکانەوە دەست پێ ناکا، وەک میدیای کوردی دەیڵێ، بەلکوو لەو ڕۆژەوە کە دەوڵەتی عیراق دروست بووە. هەشتا ساڵ زێتر دەولەتێکی داگیرکەر هەبوو بە ناوی عیراق. ئەگەر دەڵەتی عیراق دامەزرێتەوە ، دەبێ بگەڕێتەوە بۆ سەر دۆخی پێش یەکەم دامەزران. دەبێ لەسەر بناخەیەکی تازە دامەزرێتەوە. لەسەر بیناخەی دوو گەل و دوو زەوی، لەمدیو و ئەودیوی کێوی حەمرین.

وەک چۆن شاری موسل بەشێکە لە چیت و تانوپۆی کوردستان و نەدەبوایە، بەچاوپۆشی لە ژمارەی دانیشتوانی، سازشی لەسەر بکرێ، هەرواش کەرکووک بەشێکە لە تانوپۆی کوردستان و ئەگەر دانیشتوانی سەت لەسەر سەتیش عەرەب و تورکمان بن هەر بە شارێکی کوردستانی دەمێنێتەوە.

چۆن سەرژمێری لەو شار و ناوچانە دەکرێ کە تووشی ژینۆساید هاتبن!

کێ دەتوانێ سەتان هەزار گەرمیانیی شەهید و ئەنفالکراو لە گۆڕە بە کۆمەڵەکان ڕاستکاتەوە بۆ سەرژمێری و دەنگدان؟

کێ زەمانەتی ئەوە دەدا کە عەشایری عەرەب، لە سەروبەندی سەرژمێری و ڕێفێراندومدا، دانابارنە حەویجە و دەوروبەرەکەی بۆ زێدەکردنی قورسایی عەرەب؟

لە هەمووی خەتەرناکتر ئەمەیە: ئێستا دوو کوردستان و دوو "ئیدارە!" هەن، کەرکووک دەکەوێتە سەر کامیان؟ چما هەرێمێک هەیە تا کەرکووکی بچێتە پاڵ؟ شەڕی حیزبەکان لەسەر

www.kurdistannet.org

وەزیرێک یا گزیرێک ئەمە یەکەم نیشانەی دەستهەڵگرتنە لە کەرکووک کە مەسەلەی سەرەکیی باشووری کوردستانە و ڕەمزی هەموو ناوچە عەرەبێنراوەکانیشە.

---

# البارزانی والحرکه التحرریه الکردیه،الجز التالت، اربیل 2002 ،سفحه 85

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET